ئیبراهیم پالانی

دڵ ئەو ئەندامە بەکەڵك و گرنگەی جەستەی مرۆڤە کە ژیانی هەریەکەمانی لەسەربەندە، لە هەمانکاتیشدا پێوانەیەکە بۆ دیاریکردنی کەسایەتی مرۆڤ، چۆن شێوەی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەیە، ئاواش دڵەکان لە یەکترەوە جیاوازن، جیاوازییەکانیش بونەتە پێوەر بۆ خاوەنەکانیان، هەندێ دڵ پڕاوپڕن لە خۆشەویستی.. خۆشەویستی بۆ خاك و نەتەوە، بۆ خێزان و کەسانی دەوروبەرمان و کۆمەڵ..هتد. دڵی واش هەیە شەیدای لەبەریەکترازاندنی شیرازەی خۆشەویستییە، لەگەڵ ئەمانەشدا زۆرجار کەسانی وامان بەرچاو دەکەوێت گلەیی لە دڵی خۆی دەکات و دەڵێ: حەزم بە فلانە شت نەدەکرد، بەڵام دەسەڵاتم نەبوو بەسەر دڵی خۆمدا زاڵبم، لە کوردەواریدا دەڵێن: "دڵ وەکو مێش وایە چ شتی پیسە جاروبار لەسەری دەنیشێتەوە"، بە پێچەوانەی ئەمجۆرە دڵانەشەوە، دڵ هەیە وەکو گوڵ وایە، هەمیشە بە کراوەیی دەمێنێتەوە بۆ وەرگرتنی ئەو تنۆکە شەونمانەی هێدی هێدی بەسەریدا دەبارێن. با ئەو پەیڤە جوانەی نووسەری ئەڵمانی (جان پۆل ریشتر) بە نمونە بهێنینەوە کە دەڵێ مرۆڤ ڕەخنەو ئامۆژگاری وەردەگرێت، بەڵام ئەو بۆچوونە پەسەند ناکات و ڕەتی دەکاتەوە کاتێك بەسەریدا دەسەپێنرێت. ئەمە مانای وایە خاوەنی ئەمجۆرە دلانە، دڵیان وەکو گوڵە، زۆرجاریش وەکو شوشە وایە کە شکا چاك نابێتەوە، هێندە ئاڵۆزیشە وەکو تەونی جاڵجالۆکە، گەر بە وردی و بە ئاگاییەوە بەناویدا گوزەرنەکەین لەوانەیە کارەکان تێکبدەین. نابێت ئەوەش لە یادبکەین دڵی ئەوتۆش هەیە وەکو ئاوی بەخوڕ بەرەو خۆشەویستی دەڕوات و هەموو گەردولێڵاییەك ڕادەماڵێ، جا لەم نێوانەدا دڵ ئەو دڵەیە کە هەمیشە خۆی وەکو گوڵ نیشان دەدات و هەرواش دەمینیتەوەو خاوەنەکەشی بەختیار دەکات، نەك ئەوجۆرە دڵانەی بەکاری ئەوتۆ کریت و بەد رازی دەبن کە خاوەنەکانیان لە بەرامبەریدا ریسواو شەرمەزار دەبن.

کەواتە با هەریەکەمان خۆمان بکەین بە خاوەنی دلیکی وەکو گوڵ و پراو پریشی بکەین لە هەموو جۆرە خۆشەویستییەك.

ناوی دراوەکان چۆن دانرا؟

و: ئەبوبەکر قەرەداغی

لە جیهانی پارەدا، چیرۆك و بەسەرهاتی خۆش خۆش و سەرنجڕاکێش دەربارەی ناونانی دراوەکان هەیە، لێرەدا کورتەیەکی مێژوویی ئەو ناولێنانانە دەخوێنیتەوە.

سەرەتا با لە خودی وشەی (دراو)ەوە دەست پێبکەین:

لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا (جونۆ Guno) خودای بەئاگاهێنانەوەی خەڵکی بووە لە مەترسیی، ڕۆمانەکان زۆر سوپاسگوزاری ئەو خودایە بوون بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە مەترسییە گرنگ و گەورەکاندا.

(مۆنێتا Moneta) لە زمانی یۆنانیداو (مۆنیۆ Moneo) بە مانای ئاگاداریی دێت و وشەی ئینگلیزی (مۆنی Money) کە مانای دراو دەبەخشێت، لەمەوە وەرگیراوە، بەڵام وشەی (کۆین Coin) کە لە ئینگلیزیدا بە واتای (دراو)ی مەعدەنییە لە وشەی لاتینی (کونیوس Cunsus) کە مانای سێ گۆشە دەگەیەنێ هاتووە، چونکە ئەو دراوانەی لە کۆندا ڕەواجیان هەبووە، هەموویان سێ گۆشە بوون.

دۆلار دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمیك کە دراویان لە ولایەتی (بوهیمیا Bohemia) لیداوە، هۆیەکەشی ئەوەبووە ویلایەتی ناوبراو کانگای زیوی لیبووە، دراو لە ناوچەیەك بەناوی (جۆچیمستال Goachimsthal) لە دەوروبەری (بوهیمیا) لێدەدراو لەبەرئەوە ئەویان بە (جۆچیمستالەر) کە بە (جۆچیمستال) پەیوەستە، ناودەبرد، دواتر بەشی یەکەمی ئەم ناوە لابراو تەنها بەشی دووەمی یانی (تالەر) مایەوەو هەر ئەم وشەی (تالەر Thaler)ەیە دواتر گۆڕاوە بۆ (دۆلار Dollar).

وشەی (دایم)ی ئینگلیزی کە ناوی یەکێك لە پارە وردەکانە، لە وشەی لاتینی (دیسیموس Decimus)ەوە هاتووە، ئەوەش مانای دەیەك یان یەك لەسەر دە دەگەیەنێت.

(سێنت) ڕاستەوخۆ لە وشەی فەرەنسایی (سان) ەوە وەرگیراوە کە بەمانای (سەد) دێت و لە لاتینیدا (سێنتوم Centum)ە، مەبەستیش ئەوەیە کە سەد سێنت یەکسانە بە یەك دۆلار.

(پاوەند) یان لیرەی ئینگلیزی لە وشەی لاتینی (پۆندۆ pondo)وە هاتووەو مانای کێش یان قورسایی دەگەیەنێت، ناوی تەواویشی لە سەرەتادا (لیبراپۆندۆ Libra pondo) یان یەك پاوەند کێش بووە، هەر لەمەشەوەیە کە پیتی سوککراوەی پاوەند بۆتە lb (بۆ کێشانە).

هەروەها (پیزۆ Peso)ی ئیسپانیایی و (لیرە)ی ئیتاڵیایی دەگەڕێنەوە بۆ کێش و قورسایی دیایکراو.

(فرانك)ی فەرەنسایی لە وشەی لاتینی (فرانکۆروم ریکس Francoram Rex) یانی پاشای فرانکەکان وەرگیراوە، وێنەی ئەو پیاوە لەسەر ڕووی یەکەمین دراوی لێدراوی فەرەنسی بووە.

لە وڵاتی پیرۆ دراوێك ڕەواجی هەیە بە ناوی (شل)، ئەم ناوە لە زمانی ئیسپانیدا بە مانای (خۆر) دێت، وەکو زانراوە هۆزی (ئینکا) یانی دانیشتوانی کۆنی پیرۆ لەوەوبەر خۆرپەرست بوون.

وشەکانی (کراون Crown)، (سۆڤێرین Soverign) (کرۆن Krone)، (کرۆنا Krona)و (کۆرۆنا Corona) هەر هەموویان ناوی ئەو دراوانانەن کە لەوڵاتە جیاجیاکاندا بەکاردەهێنرێن و ئەوە نیشاندەدەن کە خاوەن تاجەکان لەو وڵاتانەدا یەکەمجار مۆڵەتی لێدانیانی داوە.

سەرچاوە:

بمن بگوچرا/ جلدششم.